# پێغەمبەر ئەلیاس

## ١ پاشایان ٦ – ١٨

لە وانەی ڕابردوو، دیراسەتی چیرۆکی سلێمان کوڕی داودمان کرد. بینیمان چۆن خودا دانایی و لێهاتوویەکی جیاوازی بەخشی بە سلێمان. لە کاتێ سلێمان پاشا، قودس جوانترین شار بوو لە هەموو جیهان. بەڵام لەنێو ئەو هەموو شتانەی سلێمان بنیاتی نا، هیچ شتێك جوانتر نەبوو لە پەرستگای پەروەردگار خودا. سلێمانی پاشا ئەو پەرستگایەی بنیات نا تاکو جێگای چادری چاو پێ کەوتن بگرێتەوە، ئەو چادرە تایبەتییە بە پەرستن کە موسا و گەلی ئیسرائیل درووستیان کردبوو لە بیابان. سلێمان دوو سەد هەزار کەس بەکرێ گرت بۆ ماوەی حەوت ساڵ بۆ ئەوەی ئەم شوێنە جوانەی پەرستنە درووست بکات. ئەمڕۆش هێشتا دەتوانرێ لە قودس بەردە مەزنەکانی تەمبەڵی ئەو پەرستاگەیە ببینرێ کە سلێمان بنیاتی نا.

ئەو کاتەی پەرستگاکە تەواو بوو، کاهینەکان هەزاران بەرخ و جوانەگایان کردە قوربانی وەك هێمای ڕزگاری دەرەکە کەوا دێت و خوێنی خۆی دەڕێژی بۆ گوناهباران. بەو شێوەیە ئەو پەرستگایەی کە بۆ خودا بنیاتیان نابوو تەرخان کرد. لەپاش ئەوەی ئەو ئاژەڵانەیان پێشکەش کرد و لەسەر قوربانگا برۆنزەکەی پەرستگاکە سووتاندیانن، کاهینەکان **سندوقی پەیمانی پەروەردگار** هەڵگرت، کەوا لەناو چادری چاو پێ کەوتن بوو، و لە **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین جێگای دایانا لە پەرستگا نوێیەکە. کاتێ کاهینەکانی ئەو **شوێنی هەرەپیرۆز** جێگایەیان بەجێ هێشت، شکۆمەندی خودا یەکسەر ژوورەکەی پڕکرد. هەروەك چۆن شکۆمەندی خودا **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین شوێنی لە چادری پەرستن پڕ کرد کەوا موسا و گەلی ئیسرائیل درووستیان کرد لە بیابان، بە هەمان شێوەیە شکۆمەندی خودا **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین شوێنی پڕ کرد لەو پەرستگایەی سلێمان بنیاتی نا لە قودس.

سەبارەت بە بەشەکانی تری ژیانی سلێمان، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە بەشی دواتری فەرمان ڕەوایی وەك بەشی یەکەمی نەبوو. لە یەکەم سیپارەی پاشایان نووسراوە، بەشی یازدە. دووبارە دەبینین کە ووشەی پیرۆزی خودا گوناهەکانی پێغەمبەران ناشارێتەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: سلێمان پاشا زۆر ژنی بێگانەی خۆشویست... ئەوە بوو لە کاتی پیری سلێمان‌دا، ژنەکانی دڵیان بەلای خوداکانی دیکەدا ڕاکێشا و دڵی وەک دڵی داودی باوکی لەگەڵ پەروەردگار خودای خۆی‌دا تەواو نەبوو. (١ پاشایان ١١: ١، ٤)

پاشان سلێمان لەسەر گردەکانی ڕۆژهەڵاتی قودس **بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی** درووست کرد بۆ هەموو ژنە بیانیەکانی، تاکو بخور تیا بسووتێنێ و قوربانی پێشکەش بکات بۆ خوداکانیان. کاتی ئەم شتەی کرد، خودا توڕە بوو لە سلێمان لەبەر ئەوەی پشتی لە ووشەی ڕاست و لە خودای زیندوو کرد. پاشان خودا بە سلێمانی فەرموو، پەروەردگار بە سلێمانی وت: (لەبەر ئەوەی ئەمەت لایە و پەیمان و فەرزەکەمت نەپاراست کە فەرمانم پێکردیت، پاشایەتییەکەت لێ پارچەپارچە دەکەم و دەیدەم بە خزمەتکارەکەت، [12] بەڵام لە ڕۆژانی خۆت‌دا نایکەم لەبەر داودی باوکت، لە دەستی کوڕەکەت‌دا پارچەپارچەی دەکەم. [13] لەگەڵ ئەمەش هەموو پاشایەتییەکە پارچە ناکەم، بەڵکو تیرەیەک دەدەم بە کوڕەکەت لەبەر داودی خزمەتکارم و لەبەر ئۆرشەلیم کە هەڵمبژاردووە.) (١ پاشایان ١١: ١١–١٣)

بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە پاش مردنی سلێمان، شەڕ و ئازار دەستی پێ کرد لەنێو نەتەوەی ئیسرائیل. دوازدە خێڵەکەی ئیسرائیل کەوا لە کوڕەکانی یاقوب هاتە کایەوە بوون بە دوو بەش، هەروەك خودا بە سلێمانی فەرموو. چی دی یەك نەتەوە نەمانەوە، بەڵکو بوون بە دوو نەتەوە، ئیسرائیل و یەهودا. دە خێڵەکانی ئیسرائیل لە باکووری خاکەکە

شانشینی ئیسرائیلیان پێك هێنا. خێڵی یەهودا و خێڵی بچووکی بنیامینیش شانشینی باشووریان پێك هێنا. یەهودا لە خێڵی داودی پاشا بوو و ئەو خەتە بوو کە خودا بەڵێنی دابوو مەسیحی لێوە بێنێتە جیهانەوە.

نووسراوی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەو دوو نەتەوەیە پاشای زۆریان هەبوو. زۆربەی پاشایانی ئیسرائیل و یەهودا سەرکردەی خراپ بوون، پشتیان لە پەروەردگار کرد و شوێنی ئایینەکانی نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆیان کەوتن. لەنێوان هەموو ئەو پاشایانەی ئیسرائیل، یەك هەبوو زۆر خراپتر بوو لە وانەی تر. دەزانیت کێیە ئەوە؟ پاشا ئەحاب بوو. ئەحاب هەشتەم پاشا بوو لەپاش سلێمان.

سەبارەت بە ئەحاب، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەحابی کوڕی عومریش لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی زیاتر خراپەی لەبەرچاوی پەروەردگاردا کرد. (١ پاشایان ١٦: ٣٠) هەروەها **ئیزابێلی** هێنا، ژنێکی خراپەکار کە ووشەی پەروەردگاری ڕەتکردەوە. لەوەش زیاتر، ئەحاب لە ئیسرائیل پەرستگایەکی درووست کرد بە ناوی بەعل، کەوا نەتەوەکانی دەوراوپشت بە خودایان دادەنا. بۆیە ئەحاب زۆر پەروەردگاری توڕەکرد بە پێشەوایی کردنی گەلی ئیسرائیل بۆ شوێن کەوتنی ئایینێکی بە تاڵ و سەختە و پێغەمبەرە درۆزن و سەختەکانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوێك هەبوو لە ئیسرائیل لەو کاتە کەوا لەگەڵ خودا ڕۆیشت. ناوی **ئەلیاس** بوو. ڕۆژێك خودا ئەلیاس نارد بۆ لای ئەحاب. ئەلیاسی بە ئەحابی وت: (زیندووە پەروەردگار خودای ئیسرائیل ئەوەی لەبەردەمی ڕاوەستام، لەم چەند ساڵەی داهاتوودا نە شەونم دەبێت و نە باران تا لە دەمی منەوە نەووترێت!) (١ پاشایان ١٧: ١)

بۆیە، بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو هیچ باران بەسەر خاکی ئیسرائیل نەباری. برسییەتی زۆر توند بوو لەسەر خاکەکە. لە بەشی هەژدە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ١٨) [1] ئەوە بوو پاش ڕۆژانێکی زۆر، وشەی پەروەردگار بۆ ئەلیاس هات لە ساڵی سێیەمدا، فەرمووی: (بڕۆ و خۆت پیشانی ئەحاب بدە، منیش باران بۆ سەر زەوییەکە دەبارێنم.) [2] جا ئەلیاس چوو خۆی پیشانی ئەحاب بدات.... [17] ئەلیاسیش وتی: (من ئیسرائیلم تێک نەداوە، بەڵکو تۆ و ماڵی باوکت بە وازهێنانتان لە فەرمانەکانی پەروەردگار و ڕۆیشتنتان بەدوای بەعلەکانەوە. [19] ئێستاش بنێرە و هەموو ئیسرائیلم لێ کۆبکەوە لە (کێوی کارمەل)دا، لەگەڵ پێغەمبەرەکانی بەعل کە چوار سەد و پەنجان و پێغەمبەرەکانی ئەشێراش کە چوار سەدن و لەسەر خوانەکەی ئیزابێل نان دەخۆن.)

[20] جا ئەحاب ناردی بەناو هەموو نەوەی ئیسرائیلدا و پێغەمبەرەکانی بۆ کێوی کارمەل کۆکردەوە. [21] ئەلیاسیش لە هەموو گەل چووە پێشەوە و وتی: (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئەو بکەون.) بەڵام گەلەکە بە یەک وشەش وەڵامیان نەدایەوە.

[22] پاشان ئەلیاس بە گەلەکەی وت: (من بە پێغەمبەری پەروەردگار ماومەتەوە بە تەنها، پێغەمبەرەکانی بەعلیش چوار سەد و پەنجا پیاون. [23] دوو گامان بدەنێ، با ئەوان گایەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەتی بکەن و لەسەر تەختەدارەکانی دابنێن، بەڵام با ئاگری تێبەر نەدەن. منیش گایەکەی دیکە وا لێ دەکەم و لەسەر تەختەدارەکان دایدەنێم و ئاگری تێبەر نادەم. [24] ئینجا بە ناوی خوداکەتانەوە بپاڕێنەوە و منیش بە ناوی پەروەردگارەوە دەپاڕێمەوە، ئەو خودایەی کە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە ئەوە خودایە.)

هەموو گەل وەڵامیان دایەوە و وتیان: (قسەیەکی جوانە.) [25] ئینجا ئەلیاس بە پێغەمبەرەکانی بەعلی وت: (گایەک بۆ خۆتان هەڵبژێرن و یەکەم جار ئێوە بیکەن لەبەر ئەوەی ئێوە زۆرترن، بە ناوی خوداکەتانەوەش بپاڕێنەوە، بەڵام ئاگری تێبەر مەدەن.) [26] جا گایەکەیان برد ئەوەی پێیان درا و ئامادەیان کرد.

بە ناوی بەعلیشەوە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ پاڕانەوە و وتیان: (ئەی بەعل وەڵاممان بدەرەوە!) بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام.

هەروەها هەڵدەبەزینەوە بە دەوری قوربانگاکەدا کە دروست کرا. ٢٧ ئەوە بوو لە نیوەڕۆدا ئەلیاس گاڵتەی پێکردن و وتی: (بە دەنگی بەرز هاوار بکەن، چونکە ئەو خودایە، لەوانەیە داڵغەی لێدا بێت، یان لە خەڵوەتدا بێت، یان لە گەشت بێت یان لەوانەیە خەوتوو بێت و بەئاگا بێتەوە.) ٢٨ ئەوانیش بە دەنگی بەرز هاواریان کرد و وەک پیشەی خۆیان بە شمشێر و ڕم لە خۆیان دا تا خوێنیان لێ چۆڕا. ٢٩ ئەوە بوو کە نیوەڕۆ بەسەر چوو و تا کاتی سەرخستنی قوربانییەکە پێشبینییان کرد، بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام و کوا گوێگر؟

٣٠ ئەلیاس بە هەموو گەلی وت: (وەرنە پێشەوە بۆ لام.) ئەوانیش چوونە پێشەوە بۆ لای. ئینجا قوربانگا وێرانکراوەکەی پەروەردگاری چاککردەوە. ٣١ پاشان ئەلیاس دوازدە بەردی برد، هێندەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی یاقوب ئەوەی وشەی پەروەردگاری بۆ هاتبوو، پێی وت (ناوت ئیسرائیل دەبێت.) ٣٢ لەو بەردانە قوربانگایەکی بە ناوی پەروەردگار بنیاد نا و بەدەوری قوربانگاکەدا جۆگەلەیەکی دروستکرد کە جێگای دوو پێوانە تۆوی تێدا دەبۆوە. ٣٣ ئینجا تەختەدارەکانی ڕێک خست و گایەکەی لەتوپەت کرد و لەسەر تەختەدارەکان داینا. ئینجا وتی: (چوار گۆزە ئاو پڕ بکەن و بیکەن بەسەر قوربانییەکە و بەسەر دارەکان.)

٣٤ وتی: (دووبارەی بکەنەوە.) دووبارەیان کردەوە. وتی: (سێ بارەی بکەنەوە.) سێ بارەیان کردەوە. ٣٥ جا ئاو بەدەوری قوربانگاکەدا ڕۆیشت و جۆگەلەکەش پڕ بوو لە ئاو.

٣٦ ئەوە بوو لە کاتی سەرخستنی پێشکەشکراوەکە ئەلیاسی پێغەمبەر هاتە پێشەوە و وتی: (پەروەردگار، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل ئەمڕۆ با بزانرێت کە تۆ خودایت لە ئیسرائیلدا، منیش خزمەتکاری تۆم و بە وشەی تۆ هەموو ئەم کارانەم کردووە. ٣٧ وەڵامم بدەرەوە پەروەردگار، وەڵامم بدەرەوە، با ئەم گەلە بزانن کە تۆ پەروەردگاری خودایت و تۆ دڵیانت بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە.)

٣٨ ئینجا ئاگری پەروەردگار کەوتە خوارەوە و قوربانییەکە و تەختەدارەکان و بەردەکان و خۆڵەکەی خوارد و ئاوی ناو جۆگەلەکەشی لێسایەوە. ٣٩ هەموو گەل ئەوەیان بینی و بە ڕوودا کەوتن و وتیان: (پەروەردگار خودایە، پەروەردگار خودایە!)

٤٠ ئینجا ئەلیاس پێی وتن: (پێغەمبەرەکانی بەعل بگرن و مەهێڵن پیاوێکیان لێ دەرباز بێت.) ئەوانیش گرتیانن و ئەلیاس بردنییە خوارەوە بۆ (دۆڵی قیشۆن) و لەوێ سەری بڕین. ٤١ پاشان ئەلیاس بە ئەحابی وت: (سەربکەوە بخۆ و بخۆرەوە، چونکە دەنگی گرمەی بارانە.) ٤٢ جا ئەحاب سەرکەوت بخوات و بخواتەوە، بەڵام ئەلیاس سەرکەوت بۆ سەر سەری کارمەل و داچەمییەوە سەر زەوی و دەموچاوی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە. ٤٥ ئەوە بوو ئاسمان لەم لاوە بۆ ئەو لا بە هەور و با ڕەشداگەڕا و بارانێکی زۆر باری و ئەحاب سواری گالیسکەکەی بوو و چوو بۆ یەزرەعیل. ٤٦ دەستی پەروەردگاریش بەسەر ئەلیاسدا بوو، جا ناوقەدی بەست و لەبەردەم ئەحابەوە ڕایکرد تا یەزرەعیل.

ئەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرە پڕە لە شکۆمەندی و هێزی خودا، و پێویستی بە باس کردن نیە. بەڵام، پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە پێغەمبەر **ئەلیاس** بەگەلی ئیسرائیلی ووت. پێش ئەوەی تەحەدای هەر چوار سەد و پەنجا پێغەمبەرەکەی بەعل بکات، **ئەلیاس** بە خەڵکی ووت، (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئەو بکەون!)

یەکەم جار گەلی ئیسرائیل هیچ وەڵامیان نەبوو. بەڵام کاتێ بینییان چۆن پەروەردگار خودا وەڵامی نوێژەکانی **ئەلیاسی** دایەوە بەباراندنی ئاگر لە ئاسمانەوە بۆ سەر قوربانگاکە، هەموو خەڵکەکە کڕنۆشیان برد و هاواریان کرد، (پەروەردگار خودایە، پەروەردگار خودایە!) بۆیە، پێغەمبەری خودا **ئەلیاس** لە یەك ڕۆژدا پێغەمبەرە سەختەکانی بەعلی ئاشکرا و بێ بە هایانی کرد لەپێش چاوی هەموو کەس و دڵی گەلی ئیسرائیلی گەڕاندەوە لای پەروەردگار خودایان!

بۆچی خودا وەڵامی نوێژەکانی **ئەلیاسی** دایەوە؟ لەبەر ئەوەی **ئەلیاس** پەروەردگار خودای خۆش دەویست و باوەڕی بە ووشەی کرد. ئەی بۆچی خودا نوێژەکانی پێغەمبەرەکانی بەعلی پشت گوێ خست؟ لەبەر ئەوەی ئەوان نوێژیان بۆ ئەو خودایە ڕاستەقینەیە نەکرد کە خۆی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەتەوەی ئیسرائیل ئاشکرا کرد. پێغەمبەرەکانی بەعل ووشەی خودایان پشت گوێ خستبوو و شوێنی داب و نەریتی ئایینی خۆیان کەوتبوون. ئەوان لە گرمەی تەماشاکردنی کردارە ئایینەکانی خۆان بوون، و خزمەتی خودای زیندویان ناکرد — بۆیە، هەموو گەرم و گوڕییان بێ مانا بوو. پێغەمبەرەکانی بەعل ئایینیان زۆر بوو، دەنگە دەنگێکی زۆریان درووست کرد بە نوێژەکانیان و قوربانییەکانیان، بەڵام هەموو بەلاش بوو — لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمانی ووشەی خودای زیندوو بنیاد نەنرابوو. کردەوەیەکی زۆر بەڵام بێ ئەنجام!

بۆیە لەو ڕۆژەدا، پێغەمبەر ئیلییا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا بۆ ئەوەی هەڵبژێرن: پەروەردگار خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب یان ئایینی بەتاڵی بەعل...ڕاستی یاخود درۆیەك...ڕێگای ڕاستودرووستی یاخود ڕێگای ناڕاستودرووستی...ووشەی خودای پشت پێ بەستراو یاخود ووشە ناپشت پێ بەستراوەکانی ئایینی مرۆڤ...

وەڵامی تۆ چی دەبێت بۆ پرسیارەکەی ئیلییا: **(تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟)**

تاکەی لەنێوان ووشەی خودا و داب و نەریتی بێ بەهای مرۆڤ یاری دەکەی؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگریت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.** (مەتا ٦: ٢٤) تۆ ناتوانیت خزمەتی خودای ڕاستەقینە و خزمەت کردنی ئاینێکی بربالّ تێکەل بکەی. **تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟**

بۆ جاری داهاتوو پلانمان وایە تەماشای چیرۆکی پێغەمبەرێك بکەین کەوا سێ ڕۆژی بەسەر برد لەناو سکی حوتێك. ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی؟ لەگەڵمان بن جاری داهاتوو بۆ ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەوەی ئیلییا بە گەلی ئیسرائیلی ووت، کاتێ فەرمووی: **تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون!** (١ پاشایان ١٨: ٢١)

## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا وەڵامی نوێژەکانی **ئەلیاسی** دایەوە؟

٢. ئەی بۆچی خودا نوێژەکانی پێغەمبەرەکانی بەعلی پشت گوێ خست؟

٣. وەڵامی تۆ چی دەبێت بۆ پرسیارەکەی ئیلییا: **(تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟)**

٤. تاکەی لەنێوان ووشەی خودا و داب و نەریتی بێ بەهای مرۆڤ یاری دەکەی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org